

# ئاتاری جارێکی دیکە بەرهەم دێتەوە





ئاتاری ناوی یەکێکە لە ئامێرە زۆر کۆنەکانی یاری ئەلکترۆنی، مێژوویەکی لەمێژینەی هەیە و بەرلەوەی کۆمپیوتەرەکان وا بە زۆری بکەونە بازاڕەوە ئاتاری بوونی هەبوو. بەڵام دواتر ئامێری نوێتر بۆ گەمەکردن بەرهەم هاتن و ئاتاری کەوتە فەرامۆشییەوە.

لەم ساڵدا جارێکی دیکە بە دیزاینێکی دیکە بەرهەم هاتەوە. ئەمجارەیان هەر ئامێرێکی سادە نییە و بگرە زۆر تایبەتمەندیی نوێی پێوە زیاد بوونە.

ئاتارییە نوێیەکە بە جۆری Atari VSC ناسراوە، کۆمپانیای بەرهەمهێن پێیوایە ئەمجارەیان ئاتاری پێشکەوتووترە لە زۆربەی ئامێرەکانی تایبەت بەگەیم کردن، هەروەها سیستەمی لینۆکسی بۆ ئەم ئامێرە داناوە. ئامێرەکە نەك تەنیا بۆ گەیم، بەڵکو بۆ ئینتەرنێت و سەیرکردنی سایتەکانیش دەگونجێت. دەسکی گەیمی تایبەتی هەیە و بە هۆی بلوتوسەوە لە ئامێرەکەی خۆی پەیوەند دەدرێت.

# هەموو ئەرکەکان بەو ئامێرە راپەڕێنە

بۆ یاریی ئەلکترۆنی بەر لە هەموو شتێك پێویستت بە دەسکی یاری (جویستیك)ە، بەبێ ئەو یارییەکان ئەنجام نادرێن، یان بە ماوس و کیبۆردە بۆ ئەوانەی یاری لەسەر کۆمپیوتەر ئەنجام دەدەن دەتوانن بە ماوس و کیبۆرد یارییەکان بکەن..

کۆمپانیای رێزەر ئامێرێکی داهێناوە کە گشت ئەوانەی ئاماژەمان پێدان لەخۆیدا کۆکردۆتەوە، ئامێرەکە بە Razer RZ07-01440100-R3M1 ناسراوە کە هەم دەسکی گەیمە، هەم کیبۆردە و هەم ماوس.. ٢٠ دوگمەی هەیە کە دەکرێت بۆ هەر کام لە دوگمەکان فەرمان یا پرۆگرامی تایبەتی بۆدابندرێت.. جگە لەو ٢٠ دوگمەیە ٨ دوگمەی لەمسی بۆ ئەملاو ئەولا هەیە، لە گشت دەسکێکی گەیم بۆ رۆیشتن دا چوار دوگمەیە (سەرێ، خوارێ، راست، چەپ) بەڵام لەو ئامێرەدا هەشت دوگمە هەیە بۆ ئەوەی بە ئاسانترین رێگا یارییەکە ئەنجام بدەی. لە ژێر دوگمەکان گلۆپی رەنگاورەنگ هەیە، بەکارهێنەر بە ویستی خۆی دەتوانێ رەنگەکان بگۆڕێ، جێگای دوگمەکانی دەست بە ئاسانترین شێوە دەگۆڕدرێن، هەروەها ئاسانکاری تێدایە بۆ ئەوانەی کە چەپ دەستن.



# دەستەوانەیەک دەستەکانتان دەباتە جیهانی مەجازی





# کامێرایەکی پانۆرامایی بۆ هەموو موبایلێک

موبایلـه پێشـکەوتووەکان هەرچەنـدە کامێـرای بەهێزیـان تێدایـە، بـەڵام زۆر کـەس حـەز دەکات خـودی کامێراکـە جیـاواز بێت لـە موبایلەکـە، هەربۆیـە کۆمپانیایـەك هەسـتاوە بـە بەرهەمهێنانـی کامێرایەکـی بچـووك کە لـە موبایـل دەخرێـت، ئـەم کامێـرا بچووکـە بـە MADV Mini Panoramic ناسـراوە، قەوارەکـەی بچووکە، خۆی وەك کامێرایەکی هۆشـمەند وایـە زیاتـر بـۆ وێنـەی پانۆرامایی دەگونجێت. لە راسـتیدا کامێراکە پێکهاتووە لە دوو کامێرای ١٣ میگاپیسکلی کە پێکەوە کار دەکـەن. هـەردوو کامێرایەکە یەکیان لە پشـتەوە و یەکیـان لـە پێشـەوە کار دەکات. بـەم کامێـرا بچووکـە دەکرێـت ڤیدیـۆ K4 یـش بگریـت. کێشی کامێرا بچووکە تەنیا ٢٣ گرامە.




# لە ماوەی دوو چرکە لە خنکان رزگارت دەکات

ئەوانەی شارەزای مەلەوانی نین و مەلە نازانن، کە کەوتنە ناو ئاوەوە پەنا بۆ هەموو شتێك دەبەن بۆ رزگار بوون، تەنانەت کورتە دارێکیش!

ئامێرەکانـی رزگارکـردن گەلێـك زۆرن، بـەڵام هەموویـان گەورەن و بۆ هەڵگرتن نابن، کۆمپانیایەك هەستاوە ئامێرێکی بچووکی بەقەد قوتووە پیپسیەك بەرهەم هێناوە کە هەم کێشی کەمـە و هـەم قەبارەکەی بچووکـە. ئامێرەکە بە -oneup-life preserver ناسـراوە، کاتێـك دەیهاوێـی بۆ ناو ئـاوەوە تەنیا لە مـاوەی دوو چرکـەدا دەکرێتـەوە و دەبێتە تیوپێك (لاسـتیك)ی خـۆ رزگارکـردن.. کارکردەکەی بەمجۆرەیـە کاتێك ئەو ئامێرە دەکەوێتـە نـاو ئـاو، خوێیەکـی تێدایـە و دەتوێتـەوە و هەرکـە توایەوە سـپرینگێك دەکرێتەوەو غازێکی لەناودا دەتەقێتەوەو پڕ لە غازێکی سـووك دەبێت و دەتوانیت کەسـێکی ١٦٠ کیلۆیش لە مردن رزگاری بکات...



بەپەرەسـەندنی سـوود وەرگرتـن لـە هێدسـتە واقیعـی- مەجازییـەکان، ئامێـری دیکـەش کـە پەیوەندییـان بـە جیهانـی واقیعـی- مەجازییـەوە بەرهەم هاتـوون.. بۆ ئەو خوێنەرانەی وشەی جیهانی واقیعی- مەجازیان بۆ نامۆیە ئەو روونکردنەوە پێویسـتە، لەم چەند سـاڵەی دواییدا هەندێك ئامێـر بەرهـەم هاتوون کە زیاتریـان لە چاو دەکرێن ئەوەیە مرۆڤ کە چاو لە فیلمێك یان یارییەك دەکات راستە فیلمەکـە یـان یارییەکـە مەجازییـە، بەڵام وا هەسـت پێدەکـرێ لەنـاو ناخـی فیلمەکەدایـە و وەك واقعـی دەیبینـێ..

لـەم دواییـەدا دەسـتەوانێك بەرهـەم هاتـووە کـە کاتێك دەسـت لە شـتێك دەدەی وەك واقیعی دەچێت.. بۆ نموونە ئەگەر لە یاری یا فیلمێکدا دەسـت لە لۆکە بدات، بە نەرمی هەسـت پێدەکرێ و ئەگەر دەست لە شتێکی زبر بدات هەست بە زبری دەکات.

دەسـتەوانەکە بە AxonVR ناسـراوە. کاتێك ئەو دەسـتەوانە لە دەسـت دەکەی، دەتوانی هەسـت بە گەرمایی، پێکهاتەی شـتەکانیش بکەی، بۆ نموونە ئەگەر لە یاری یان فیلمەکەدا کۆپێکی قاوەی گەرم یان ئاوێکی سـارد هەڵبگری هەسـت بە گەرمی و ساردییەکەش دەکەی..



## سامسۆنگ و بڵندگۆی ئائورا

چەند ساڵێکە سپیکەرە هۆشمەندەکان بوونەتە باو و شوێنی زۆر ئامێری دیکەیان گرتۆتەوە، کۆمپانیا گەورەکانی داهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ لەم بوارەدا لە رکابەری دان، سامسۆنگ بەم دواییە نوێترین سپیکەری هۆشمەندی خۆی بەناوی (Samsung Aurora) بەرهەم هێناوە. جیاوازی نێوان ئەم سپیکەرە لەگەڵ ئەوانی دیکە ئەوەیە کە بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانی سوود لە مۆبایل وەردەگرێ، هەربۆیە بڵندگۆی ناوبراو هیچ مایك و یان هەستەوەرێکی دیکەی نییە کە سپیکەرەکانی دیکە هەیانە. سپیکەرەکە موبایلی لەسەر دادەنرێ و لە مایك و کامێرای موبایلەکە سوود وەردەگرێ.

دیزاینی بڵندگۆکە سەرنجڕاکێشە، کاراکتەرێکی هۆلۆگرافی نیشان دەدات. ئەم کاراکتەرە گوێ لە فەرمانە دەنگییەکانی تۆ دەکرێ و بۆ کارکردنی کاراکتەرەکە دەبێ لە پرۆگرامی تایبەت بەخۆی کەڵك وەربگری.. سپیکەرەکە موبایلەکەش شەحن دەکاتەوە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت، لە پرۆگرامی word دا دەزانم footnote واتە ژمارە دانان بۆ پەراوێزەکان دەزانم، بەڵام ئایا لە پرۆگرامی ئیندزاینیشدا ئەم تایبەتمەندییە هەیە ئەگەر هەیە شوێنەکەی کوێیە؟**

خوێنەری بەڕێز لە پرۆگرامی ئیندزایندا ژمارە دانان بۆ پەراوێزەکان هەیە و زۆر زیاتریشە لە هی پرۆگرامی ۆرد، کاتێك ئیندزاینت کردەوە لەسەر ئەو شوێنەی مەبەستە پەراوێز دابنێی کلیك بکە، دواتر لە شریتی سەرەوە بچو بۆ بەشی type لەودا بەشی document footnote. بدۆزەوە.. کاتێك کردتەوە، لێرە وەك پرۆگرامی ۆرد تایبەتمەندییەکان کەم نین بەڵکو یەکجار زۆرن، بە ویستی خۆت دەتوانی کام تایبەتمەندییە بۆ پەراوێز دانان دەگونجێت دایبنێی..

## ئەڵقەیەک کێشەی کەم خەوی ناهێڵێ

لە جیهاندا کەم نین ئەو کەسانەی کە شەوانە بەهۆی دەردی بێخەوییەوە دەناڵێنن، هەندێك هەر خەویان لێناکەوێ، هەندێکیش لە شەودا چەندین جار هەڵدەستنەوە..

تەکنەلۆژیای نوێ بیری لە چارەسەری ئەمەش کردۆتەوە، ئەڵقەیەکە کە لە یەکێك لە پەنجەکانتی دەکەی و کۆنترۆڵی چۆنییەتی خەوی شەوانەت پێ رادەگەیەنێ. ئەڵقەکە کە بە جۆری Go2S-leep ناسراوە دەبێ بەر لە نووستن لەدەست بکرێ. بەهۆی ئەو هەستەوەرانەی کە تێیدایە شیکردنەوە و لێکدانەوە بۆ هەموو جۆرە خەوێك دەکات.

ئەڵقەکە زانیارییەکانی وەك لێدانی دڵ، رێژەی ئۆکسیژێنی ناو خوێن، ژمارەی وەستان و کەلەکە و کەلەکە کردن ... دەکاتە راپۆرتێك و بۆ پزیشکانی تایبەت بە نەخۆشی کەم خەوی ئامادە دەکات.

کێشی ئەم ئەڵقەیە تەنیا شەش گرامە و دەتوانێت زانیارییە گرنگەکانی حەوتوویەك لە خۆیدا تۆمار بکات. ئەم ئەڵقە دژی ئاو و دژی بەرکەوتنە.





# لاپتۆپێک بە کارایی کۆمپیوتەرێکی پێشکەوتوو

جیاوازییەکی گرنگی نێوان لاپتۆپ و کۆمپیوتەری دیسکتۆپ ئەوەیە کە لاپتۆپەکان لە بواری سەختە ئامرازەوە واتە «هاردوێر» خۆیان لە قەرەی کۆمپیوتەری دیسکتۆپ (سەرمێز) نادەن، بەڵام لاپتۆپی جۆری ZBook Studio x360 کە هی کۆمپانیای HPیە، کۆتایی بەم گومانە هێنا.. لاپتۆپێك کارکرد و توانای لە ریزی کۆمپیوتەرە بە هێزەکانی جیهاندایە.

یەکەی لێکدەرەوە واتە پرۆسیسەری لاپتۆپەکە لە جۆرەکانی core i5 و core i7ن. کارتی شاشەیەکی زۆر بەهێزی هەیە، هاردی لاپتۆپەکە ٤ ترابایتە.. رامەکەی ٣٢ گیگابایتە.. شاشەکەی ١٥,٦ ئینجە و تەواو لەمسییە و کوالیتی نیشاندان K4ە، قەڵەمی هۆشمەندی جۆری Wacom AESی لەگەڵدایە.

لاپتۆپی ناوبراو بۆیە وشەی ٣٦٠ی لە کۆتاییەکەیدایە بەو مانایە کە ٣٦٠ پلە بە دەوری خۆیدا دەسوورێتەوە. لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە ئەگەر شەحنی پڕ بێت بە کارکردنی بەردەوامیش هەتا ١٦ کاتژمێر شەحنی دانابەزێت و لەوەش گرنگتر تەنیا لە ماوەی کاتژمێرێکدا پڕ دەبێتەوە.



## ماڵپەڕێک بۆ بەراورد کاری لەنێوان ئۆتۆمبیلەکان

حەزدەکەی بزانی کامە ئۆتۆمبیل لە ئەوەی دیکەیان باشترە و تایبەتمەندییەکانی چ جیاوازییەکیان هەیە؟ جار هەیە سەردانی پێشانگاکانی ئۆتۆمبیل دەکەی بەڵام نازانی لە نێوان دوو ئۆتۆمبیلدا کامەیان هەڵبژیری.. بۆ ئەم مەبەستە سەر لە سایتی ed-munds.com بدە، لەم سایتەدا لە بەشی ئۆتۆمبیل واتە car دا کلیك بکە و پاشان دوگمەی ناوی ئەو ئۆتۆمبیلانەی کە مەبەستتە بنووسە و دوگمەی Add a Vehicle لێبدە، دەتوانی هەتا چوار ئۆتۆمبیلیش بنووسی، ئیدی جیاوازی و تایبەتمەندییەکانت بۆ دەردەکەوێ..



## ئامێرێک گوێ لە بیرکردنەوەکانت دەگرێ!

زانست مەودای خەیاڵ و راستی ناهێڵێ، رەنگە بۆ زۆر کەس جێگای بڕوا نەبێ کە بڵێین ئامێرێك بەرهەم هاتووە گوێ لە بیرکردنەوەکانت، لەو رازە شاراوانەی لە زەینتدان رابگرێ.. ئامێرێك لە سەرووی خەیاڵ..

ئەم سیستەمە یان ئەو ئامێرە بە AlterEgo ناسراوە. وەك هیدفۆنێکی گوێگرتن دەچێت، هەستەوەرەکانی ئامێرەکە لە سەرەتادا شەپۆلە دەنگییەکان کە لە دەمارەکاندان و هێشتا نەبوونەتە وشە کۆدەکەنەوە. دواتر ئەو شەپۆلانە دەدرێن بە سیستەمێکی بیرهێنانەوە کە تایبەتە بەم شەپۆلانە و دواتر شیدەکرێنەوە و لێکدەدرێنەوە. گوایە کارکردی ئەو ئامێرە بۆ ئەو شتانە دەبێت وەك، کردنەوەی دەرگا، لێدانی کۆدی نهێنی، کردنەوەی پرۆگرامێك، نووسینی وشە گرنگەکان...تاد.

گرنگترین سوودەکانی ئامێرەکە ئەوەیە کە لەگەڵ کۆنترۆڵە هۆشمەندەکان دەگونجێت و دواتر تەنیا بەبیرکردنەوە دەتوانی دەنگی تەلەفزیۆ کەم کەیەوە، کەناڵ بگۆڕی و ئامێرەکانی دیکەی ماڵەوەش کۆنترۆڵ بکەی.